# ***بارزانی بە تابوت و تاڵەبانی بە گوڵ پێشوازی لە سۆپای تورك دەكەن !!***

لەم رۆژانە دا كە هەرەشەی گورگە بۆرەكان بۆ سەر كوردستانی باشوور زیادی كردووە ، سەفیری دیپلوماسیەتی كوردی ( ؟! ) بەڕێز تاڵەبانی گەیشتە ئەنقەرە و راگەیاندنی ( ینك )یش هەر زوو ئەم سەردانەیان بە دەسكەوتێكی دیپلوماسیەتی سەركەوتووی تالەبانی بۆ كورد لە قەڵەم دا . تالەبانی بە ناوی خۆی و بارزانی بە توركەكانی راگەیان كە داوای دەولەتێكی كوردی ناكەن ، بەڵام بە پێچەوانەی بارزانی كە رایگەیاندبوو بە تابوت پێشوازی لە لەشكری تورك دەكات ، رایگەیاند كە ( گەر سوپای تورك بۆ پاراستنی ئێمە بێت وا بە گوڵ پێشوازییان لێ دەكەین ) .

ئەم دیپلوماتە بلیمەتە دیارە تەنیا رێورەسمی پێشوازی لە سوپاكان دەزانێت ، پێش ئێستا رایگەیاند پێشوازی لە سوپای ئەمریكا دەكات و ئەوا ئێستا پێشوازی لە سوپای تورك دەكات ، دیارە بانگهێشتی سوپای ئێران و عێراقیش بەرێوەیە !!

من نووسەر نیم و خۆم بە نووسەر دانانێم ، حەزیشم لە چارەی پارتەكان نیە ، بەڵام لە وشەی حەق لا نادەم. ئەم هەڵوێستەی تالەبانی یەكسەر ئەو بۆچوونەی ( حەمە سەعید حەسەن )ی وەبیرم هێنام كە، كێشەی سەرەكی تاڵەبانی پارتی‌یە ، ئەگینا ئەو هەموو خۆشیرینكردنەی تاڵەبانی بۆ توركەكان لەپای چی ؟ بە سەدان پارچە زەویی پێشكەش بە بەرەی ( میت ) كرد ، پرۆتۆكۆڵی سەربازی و سیاسی لەگەل ئیمزا كردن ، پارتە توركمانیەكانی دەرەوەی دەسەلاتی ( میت )ی بە كارتۆنی لە قەڵەم دان ، دروشمی كەركوكی قودسی كوردستانیشی لە قودسیەت خست و خەریكە گەڕەكێك لەم شارە بۆ كورد مسۆگەر بكات!! . ئێستاش دەیەوێ بە گول پێشوازی لە سوپای تورك بكات ، چونكە ( حەمە سەعید ) وتەنی بەلای تاڵەبانییەوە ، دهۆك و موسڵ و هەولێر ، بە دەست مەغولەكانەوە بن باشترە تاكو بە دەست پارتیەوە .

تاڵەبانی چەند رق و كینەی لە بارزانیش هەبێت ، بەڵام دیسانیش لاسایی‌ی دەكاتەوە ، ئەوەش لە ململانێی هەردوو حیزب و بەكار هێنانی كارتی ولاتانی ناوچەكە بەدەر دەكەوێ . سەردەمێك پارتی كارتی ئێرانی بە دەستەوە بوو ، بۆیە تالەبانی هەموو هەوڵی دا ئەم كارتە بە دەست خۆی بخات ، بەڵام گرفتی سەرەكیی تاڵەبانی لەوەدایە كە نازانێت چۆن وكەی كارتەكان بە كار بێنێت ، بۆیە كاتێك كارتی ئێرانی بەكار هێنا ، كارەساتی ( ٣١ )ی ئابی بەسەر هات ، لە سالی ( ١٩٩٧ )یش پارتی

کارتی تورکیـای دژ بـه ( ینـك ) بـەکار هێنـا ، ئێسـتاش تاڵـەبانی بەتـەمای لاسـاییە و هـەموو هـەوڵێك دەدات بـۆ بـە دەسـت خسـتنی کـارتی تورکیـا بـە دژی پـارتی ، بـەڵام نـازانرێ ئـەمجارە چ کارەسـاتێکی لێ دەکەوێتەوە .

بـە هـەرحال چیرۆکی ململانێـی ( پـارتی و ینـك ) کۆنـە ، بـەڵام ئـەوەی جێگـەی نیگەرانیـە ئەوەیـە کـە لـەم کـات و سـاتە هەسـتیارەی پـێش گورانکـاری لـە عێراقـدا ، کـەلێنی نێـوان ئـەم دوو هێـزە سـەرەکیە هێندە فراوان بێت و یەك دەنگی و یەك هەلوێستی‌یان تەنیا دروشمێکی بەتاڵ بێت !!

**ئازاد دەربەندی**

**٢٠٠٢-٩-٤**

**azad_d@hotmail.com**